# جیاوازی شوێنی توانستە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای خەبات "لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیا"

**ID No.3737**

(PP 31 - 50)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.6.3

**هاشم یاسین حمدامین**
بەشی جوگرافیا - کۆلیژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
hamadamin@su.edu.krd

**هۆشمند جوهر عباس**
**سەنگەر احمد حسێن**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان- کۆلیژی پەروەردەی بنەرەتی / زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
hoshmand.abbas@su.edu.krd
sangar.hussein@su.edu.krd

**فەرهاد عثمان عمر**
بەشی ڕێبەری گەشتیاری - پەیمانگای تەکنیکی کارگێری/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
farhad.omar@epu.edu.iq

**وەگـــــرتن: 2020/09/01**
**پەسندکردن: 2020/11/15**
**بڵاوکردنەوە: 2020/12/25**

**پوختە**

خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان بە یەکێك لە خزمەتگوزاریيە کۆمەلایەتیە گرنگەکان دادەندریت کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی مرۆڤەکان هەیەو بە پیوەریکی کۆمەلایەتی گرنگیش دادەندریت، ڕۆڵی کارای هەیە لەسەر کایەکانی ژیان، ئاماژەیەکی دیاری پەرەپێدانی مرۆییە بە گشتی و پەرەپێدانی تەندروستییە بە تایبەتی. لە بەر ئەوە لایەنی بەپرس و ڕێکخراوە تەندروستی و مرۆییەکانی نێوەخۆ وجیهانی هەوڵی جددی بەرەو پێش بردنی بۆ دەدەن. بە ئامانجی پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری تەندروستی و فەراهەمکردنی بە شیوەیەکی ئاسان و هاوسەنگ بۆ یەکە یەکەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی.

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە خستنە ڕووی چۆنیەتی دابەشبوون و توانستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و شیکردنەوەی شوێنجێیەتی بنکە تەندروستییەکانە لە قەزای خەبات، بە پێی داتا خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی ساڵی٢٠١٩. وجێگای ئاماژەیە تویژینەوەکە سێ لایەنی سەرەکی لە خۆ دەگرێت، یەکەمیان: دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانە، ودووەمیان: شیکردنەوەی شوێنجێیەتی بنکە تەندروستییەکانە لە ناوچەکە، و سێیەمیان: ئاماژە بە توانستی وەزیفی خزمەتگوزارییەکانی قەزایەکەیەو هەڵسەنگاندنیان دەکات لە ڕووی پێشکەشکردنی ودادپەروەری خزمەتگوزارییەکان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە بە پێی یەکە کارگێڕییەکان هاوشێوەی پێوەرە نێوخۆیی ونێودەوڵەتییەکان.

توێژینەوەکە بە مەبەستی دەستنیشان کردن و چۆنیەتی نواندنی کارتۆگرافیانەی خزمەتگوزارییەکە و شیکردنەوەی پشتی بەستووە بە بەرنامەی سستمی زانیارییە جوگرافییەکان (**Geographic Information System** )، وەک تەکنێکی سەردەمیانە لە بواری توێژینەوە جوگرافی و خزمەتگوزارییەکان.

**کلیلی تویژینەوە** : خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، توانستی وەزیفە تەندروستییەکان، پلاندانانی شوێنی، پەرەپێدانی تەندروستی .

## پێشەکی

خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لەدیارترین ئەوخزمەتگوزارییانەن کە زۆربەی نشینگە مرۆییەکان پێشکەشی دانیشتوانییان دەکەن، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بەردەوامی ژیانی مرۆییەوە هەیە، وهەربۆیە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان پێوەرە خزمەتگوزارییەکان وپێوەرەکانی پەرەپێداندا هەیە، هەروەها داواکاری ئەم خزمەتگوزارییانەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژدا لە زیادبوون دایە بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، کە ئەمەش کار کردۆتە سەر دابەشبوون وتوانستی خزمەتگوزارییەکان، بەجۆرێك پێشکەوتن ودواکەوتنی گەلان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستە بە ئاستی ئەو خزمەتگوزارییانە. ئەمە وێڕای ئەوەی گرنگیدان بە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان وبەرەو پێشبردنیان بنەمایەکی سەرەکیە لە گەشەی شارستانیەتی وبەرپرسیاریەتیەکەشی بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی جوگرافیناسان وپلان دانەرانی شارستانی و هەرێمی، ئەمەش لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە وشیکردنەوەی شێوازەکانی دابەشبوونی خزمەتگوزییەکان وئاماژەکردن بە تواناکانی بە ڕێگا بڕی وئامارییەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (**GIS**) کە لە ئێستادا بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی پێدەبەسترێت.

جێگای ئاماژەیە لە لێکۆڵینەوەکەماندا تەنها تیشکمان خستۆتە سەر خزمەتگوزارییە تەندروستییە گشتییەکان (حکومییەکان) ، وباس لە خزمەتگوزارییە تەندروستییە تایبەتییەکان (ئەهلییەکان) ناکەین.

**گرنگی لێکۆڵینەوە:**

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:-

١- هەڵوەستە کردن لەسەر باری تەندروستی وخستنەڕووی قەبارەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان وتوانستی پێشکەشکردنی هاوشان لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان.

٢- شیکرنەوەی ئەو جیاوازییەی کە لە دابەشبوون وتوانستە خزمەتگوزارییەکاندا هەیە، سەرەڕای تیشک خستنە سەر ئەو ئاستەنگانەی ڕوو بەڕووی بەرەو پێشبردنی ئەم خزمەتگوزارییەن لە قەزاکە، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کێشەکانی کەرتەکە.

٣-بەشداریکردنی ئەم توێژینەوەیە لە بونیاتنانی توێژینەوەیەکی جێبەجیکاری لە پلاندانانی تەندروستی لە داهاتووی ئەم قەزایەدا .

**ئامانجی لێکۆڵینەوە:**

لێکۆڵینەوەکە هەوڵ دەدات ئەم ئامانجانەی خوارەوە بپێکێت:-

**١-** شیکردنەوەی شوێنجێی چۆنیەتی دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاییە تەندروستیەکان لە قەزای خەبات، وهەوڵدان بۆ گەیشتن بە دابەشبوونێکی دادپەروەرانە لە سەر ئاستی یەکە کارگێرییەکانی قەزاکە بە شێوەیەک هەموو دانیشتوان سوود مەند بێت لەم خزمەتگوزارییە بە بێ جیاوازی.

2- هەڵسەنگاندنی ئاست و توانای خزمەتگوزارییەکان و پاشانیش مەزەندەکردنی پێداویستیەکانی لە ئێستا و لە داهاتووی دانیشتوان ناوچەی لێکۆڵینەوە.

٣- دروست کردنی داتابەیسێکی وورد وتایبەت بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە سەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە.

**کێشەی لێکۆلینەوە :**

کێشەی لێکۆڵینەوە خۆی لەم پرسیارانەی خوارەوە دەبینێتەوە:-

١- بە دینەکردنی دابەشبوونێکی دادپەروەرانە لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، لە نێو یەکە کارگێرییەکان وگوندەکانی قەزاکە، تا چ ڕادەیەک گونجاون لەگەڵ قەبارەی دانیشتوان.

٢- تا چەند فەرمانگە تەندروستییەکانی ناوچەکە خزمەتگوزاری گونجاو وپێویست پێشکەش بە دانیشتوانی ناوچەکە دەکەن.

٣- توانست ودابەشبوونی فەرمانگە تەندروستییەکانی ناوچەکە تا چەند گونجاوە لەگەل پێوەرەکانی پلاندانانی تەندروستی جیهانی و نێوخۆیی.

**گریمانەی لێکۆڵینەوە:**

١- نارێکی لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە، و نە بوونی پەیوەندی هاوسەنگ لە نێوان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە و قەبارەی دانیشتوان بە پێی پێوەرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان .

2- ئایا خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لەگەڵ ئەو زیادە زۆرەی ژمارەی دانیشتوان دەگونجێت.

**میتۆدی لێکۆڵینەوە:**

لێکۆڵینەوە زانستییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان پێویستیان بە میتۆدێک یان چەند میتۆدێک هەیە، توێژەرانیش لەم لێکۆڵینەوەیە بە مەبەستی گەیشن بە ئامانجەکانی پشتیان بە میتۆدی ئیستقرائی بەستووە، لە هەمان کاتدا میتۆدی شیکاری و شیکاری ئاماریش بەکار هاتووە، بۆ دەستنیشانکردن وشیکردنەوەی شوێنجێیەتی دابەشبوون وتوانستەکانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی هەندێك ئاماژە و پێوانەی پلاندانان تایبەت بە خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان .

**سنووری شوێنی وکاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

قەزای خەبات سنووری شوێنی لێکۆڵینەوە دەنوێنێت، یەکێکە لە یەکە کارگێڕییە گرنگەکانی ڕۆژئاوای پارێزگای هەولێر، ڕۆلێکی گرنگ دەگێڕێت لە بە یەکبەستنەوەی یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەکە. و داتاکانی بنکە تەندروستییەکانی ساڵی ٢٠١٩ ی قەزاکە سنووری کاتی لێکۆڵینەوەکە دەنوێنن.

**پلانی لێکۆڵینەوە:**

ئامانجی لێکۆڵینەوە وا دەخوازێت لێکۆڵینەوەکە دابەش بکرێت بۆ سێ بەش: لە بەشی یەکەم ئاماژە بە ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دابەشبوونی خزمەتگوزاریەکان لە قەزای خەباتدا کراوە، لە بەشی دووەمدا هەڵساوین بە ئەنجامدانی شیکردنەوەی شوێنجێیەتی بنکە تەندروستییەکانی قەزاکەیە. وله بەشی سێیەم تیشک خراوەتە سەر هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزاری تەندروستی توانستەکانی و ئاسۆیی داهاتووی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزاکە.

**1- ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان**

**1-1 ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

قەزای خەبات یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای، شوێنێکی ستراتیژی هەیە وەک ئالقەیەکی بەیەکبەستنەوەی پارێزگای هەولێرە بە هەردوو پارێزگای نەینەوا ودهۆک، ژمارەیەکی زۆر لە یەکە کارگێڕیی و لادییەکانی پارێزگا ناوبراوەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، نەخشەی (1)، وژمارەی دانیشتوانی بەردوام لە زیادبوونە، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێویستییەکی هەنووکەیی و داهاتووی بەردەوامی دانیشتوانی قەزاکەن.

لە رووی ئەسترۆنۆمی (فەلەکی) یەوە قەزای خەبات دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (36:10 $^{5}$- 34 : 36 $^{5}$) باکور، و هەردوو هێلی درێژی (35 :43 $^{5}$ – 07 : 44 $^{5}$) رۆژهەڵاتی گۆیی زەوی .

لە ڕووی جوگرافییەوە قەزای خەبات دەکەوێتە بەشی رۆژئاوای پارێزگا وناوەندی شاری هەولێر، لە باکور وباکوری رۆژهەڵاتی قەزای شەقڵاوەیە ، رۆژهەڵاتی سەنتەری قەزای هەولێرە لە باشوری رۆژهەڵات هاوسنوورە لەگەڵ قەزای دەشتی هەولێرە، لەباشور و باشوری رۆژئاوای قەزای مخمورە، بەدرێژای سنوری رۆژئاوای زێی گەورە لە پارێزگاکانی دهۆک و نەینەوای جیا دەکاتەوە.


لە ڕووی کارگێرییەوە قەزای خەبات چوار یەکەی کارگێری لە خۆدەگرێت ئەوانیش ناحیەکانی {هەنجیرۆك (ناحیەی سەنتەر) و( دارەشەکران (قەرەقاجین ) و ڕزگاری ( تۆبزاوە )، کەورگۆسك}. رووبەری گشتی قەزای خەبات ( 695 کمر٢) خشتەی(١)،و سنووری قەزای خەبات نزیکەی ( 13 کمر ) دوورە لە سەنتەری شاری هەولێر . و دووری نێوان هەردوو سەنتەرەکە دەگاتە نزیکەی ( 38 ) کمر .

خشتەی(١)

ڕووبەری یەکەکارگێڕییەکانی قەزای خەبات(کمر٢)،وڕێژەکانیان،٢٠١٩.

| ز | یەکەی کارگێڕی | ڕووبەر | ٪ | ز | یەکەی کارگێڕی | ڕووبەر | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەنجیرۆک/سەنتەر | 42.1 | 6.06 | ٣ | دارەشکران | 293.4 | 42.2 |
| ٢ | ڕزگاری | 251.2 | 36,14 | ٤ | کەورگۆسک | 108.3 | 15.6 |
| ڕووبەری گشتی قەزاکە | | | | | | 695 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بەبەرنامەی ArcGis.v.10.6 .




نەخشەی (1) ناوچەی لێکۆلینەوە بەگوێرەی پارێزگای هەولێر،٢٠١٩.

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم ،بەشی نەخشەسازی GIS،2019

**2-1 دابەشبوونی ئێستایی پێکهاتە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزایی خەبات ، ساڵی 2019.**

دابەشبوون بە کرۆکی کاری جوگرافی دادەنرێت ، هەندێ جاریش وا لەجوگرافیا دەروانرێت کە زانستی دابەشبوونی شوێنییە. دابەشبوونی شوێنیی دیاردە جوگرافیەکان بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکان دادەنرێت لە زانستی جوگرافیادا، بۆیە دابەشیوون لە جوگرافیادا بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دیاردەکان لە شوێنیکدا، یان ئەو ڕێکخستنەیە کە لە ئەنجامی دابەشبوونی دیاردەکان بەگوێرەی شێوازێکی تایبەت دەردەکەوێت.(الخير،2000،ص 282)

جێگای ئاماژەیە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان خزمەتگوزاری نەهێشتنی نەخۆشی وتەندروستی ژینگەیی وچاودێری کردنی خۆراک ودابینکردنی ئاوی خاوێن وشوێنی نیشتەجێ بوونی گونجاوولە ناوبردنی پاشماوە جۆراو جۆرەکان....هتد لە خۆ دەگرێت.

خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای خەبات پێشکەش دەکرێت لە ڕێگەی فەرمانگە تەندروستییەکان کە نەخۆشخانەکان وبنکە سەرەکی ولاوەکییەکان ونۆرینگە مللیی وتایبەتەکان ودەرمانخانەکان وتاقیگەکانی شیکاری نەخۆشی ،ئەوپزیشک وکارمەندانەی لەم ناوەندانە کاردەکەن، بەڵام وەک ئاماژەمان پێکردووە کە لێکۆڵینەوەکە تەنها تیشکی خستۆتە سەر خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لە کەرتی گشتی(حکومی).

خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای خەبات ئەمانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت:-

**1-2-1 بنکە تەندروستییەکان:-**

بنکە تەندروستییەکان فەرمانگەیەکی تەندروستیین لە ژمارەیەک کارمەندی پزیشکی و خزمەتگوزار وداو ودەرمان و ئامێرو کەرستە وپێداویستی پزیشکی جۆراوجۆر پێک دێت بە مەبەستی پێشکەش کردنی چارەسەرو ئەنجامدانی شیکردنەوەی تاقیگەیی

وهۆشداریکردنی کۆمەڵگا و خۆپارێزی لە نەخۆشییەکان. کەواتە بنکە تەندروستیەکان بە بەشێك لە گرینگترین ئەو دامو دەزگایانەنە دادەنرێت کە خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەش بە دانیشتوان دەکەن

ناوچەی لێکۆڵینەوە (١٧) بنکەی تەندروستی لە خۆ دەگرێت و دابەشبووینە بەسەر (٦) شەش بنکەی سەرەکی و(١١) یازدە بنکەی لاوەکی، کە خزمەتگوزاری پێشکەش بە دانیشتوانی یەکە کارگێرێیەکانی قەزاکە دەکەن. خشتەی (٢)و نەخشە(2).

سەبارەت بە بنکە سەرەکییەکان لە سەنتەری قەزا وناحیەکاندا بوونیان هەیە، بنکەی لاوەکیش بەسەر گوندەکاندا دابەشبوونە، لە خشتەی (٢) بە ڕوونی دەردەکەوێت کە نا یەکسانییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی ژمارەی بنکە تەندروستییەکان لە یەکە کارگێرپیەکانی قەزاکە، بەشێوەیەك ناحیەی (دارەشەکران) بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی(47% )، و ناحیەی کەورگۆسک بە کەمترین ڕێژە بە (11.76 ٪) .

جێگای ئاماژەیە پێوەرەکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی دیاری کردووە کە هەر بنکەیەکی تەندروستی سەرەکی خزمەتی(١٠٠٠٠) کەس بکات و هەر بنکەیەکی لاوەکی خزمەتی (٥٠٠٠) کەس بکات (وەزارەتی پلاندانان،١٩٧٧،ص٥٧- ٥٨).

خشتەی(2)


دابەشیوونی ژمارەیی و ڕێژەیی بنکە تەندروستییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی 2019.

| یەکە کارگێرییەکان | ژمارەی گوند | دانیشتوان | ڕێژە % | بنکەی تەندروستی | | | ڕێژە % | کەس/بنکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | سەرەکی | لاوەکی | کۆ | | |
| **هەنجیرۆک/ سەنتەر** | 6 | 42332 | 33.84 | 3 | - | 3 | 17.64 | 14111 |
| **دارەشەکران** | 25 | 14382 | 11.49 | 1 | 7 | 8 | 47.05 | 1798 |
| **کەورگۆسك** | ١٥ | 20722 | 16.56 | 1 | 1 | 2 | 11.76 | 10361 |
| **رزگاری** | 16 | 47645 | 38.09 | 1 | 3 | 4 | 23.52 | 11911 |
| **گشتی** | 62 | 125081 | 100 | 6 | 11 | 17 | 100 | 7358 |

کاری توێژەران: پشت بەستن بە

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە (2019).

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی خەبات بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە 2019).




كاری توێژەران: پشت بەستن بە:

- حكومەتی هەرێمی كوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەشی ئامار، داتای بڵاونەكراوە (2019).

لە خشتەی پێشوو بۆمان دەردەكەوێت كە :-

١- بوونی نا یەكسانی لە دابەشبوونی بنكە تەندروستییەكان لە سەر ئاستی یەكەكارگێڕییەكانی قەزاكە.

٢- لاوازی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە لایەن بنكە تەندروستییەكان بۆ دانیشتوانی یەكە كارگێڕییەكان بە پێی پێوەرە تەندروستییەكانی عێراقی، وەك لە ناحیەكانی (سەنتەر ،كەورگۆسك، ڕزگاری (١٤١١١ – ١٠٣٦١ – ١١٩١١) كەس/بنكە یەك لە دوای یەك. تەنها ناحێەی داراشەكران نەبێت كە هەر بنكەیەك توانای خزمەت كردنی (١٧٩٨) كەسی هەیە كە ئەمەش كەمترە لە پێوەرەكان.

٣- نا ڕێكی لە دابەشبوونی بنكە تەندروستییەكان بەسەر بەشە جیاجیاكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە، چ لە نێو یەك ناحیەدا یان لە نێوان ناحیەكانی قەزاكە.

**١-٢-٢ ژمارەیی پزیشك و پەرستیار وخاوەن پیشە تەندروستیەكان :-**

دابەشبوونی كارمەندانی تەندروستی لە ناوچەی لێكۆڵینەوە بە پێی بنكە تەندروستییەكان وەک لە خشتەی (٣) دا دەردەكەوێت كە لە(23) پزیشك پێكدێت، و بە شێوەیەكی نایەكسان بەسەر بنكە تەندروستییەكاندا دابەشبووینە. بەجۆرێك سەنتەری قەزاكە (١١)پزیشك لە خۆ دەگرێت كە بە ڕێژەیی( 47.82%) لە كۆی ژمارەی پزیشكەكانی قەزاكە، ئەمەش وایكردووە بە پلەی یەكەم بێت لە ڕووی ژمارەی پزیشكانی ناوچەكە، ئەمەش بەندە بە وەی كە سەنتەری قەزاكەیە. وهەر یەكە لە بنكە تەندروستییەكانی ( ڕزگاری- كەورگۆسك - داراشەكران)، (٥-٤-٣) پزیشک یەك بەدوای یەك لە خۆ دەگرێت، بە ڕێژەیی (21.73 - 17.39 - 13.03 %) . ئەمەش بەندە بە دووری نزیكی بنكە تەندروستییەكان لە سەنتەری قەزا وسەنتەری هەولێر.

جێگای ئاماژەیە بنكە تەندروستییەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە ژمارەی پەرستیارانی (61) پەرستیارە، و بەشێوەیەكی نایەكسان بەسەر بنكە تەندروستییەكان دابوشبووینە زۆرترینیان لە بنكەكانی ناحیەی داراشەكرانە كە (٢٤) پەرستیار لە كۆی پەرستیارانی

قەزاکە، بە ڕێژەیی (39.34٪ )، ئەمەش بەندە بە زۆری بنکە تەندروستییەکان ودووری لە سەنتەری هەولێر ،و بنکەکانی ناحیەی کەورگۆسك بە کەمترین ژمارە کە ( ٩ )پەرستیارە، بە ڕێژەی( 14.75%)، لە پاشان بنکەکانی سەنتەر وڕزگاری یەک لە دوای یەک بە (١٦ – ١٢) پەرستیار بە ڕێژەی ( 22.26 – 19.67%)، خشتەی (٣).

سەبارەت بە ژمارەی خاوەن پیشەی تەندروستییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەیان (47) خاوەن پیشەی تەندروستین، بە هەمان شیوەی کارمەندە تەندروستییەکانی تر بە شێوەیەکی نا یەکسان لە بنکەکان دەبیندرێن. زۆرترینیان لە بنکەی دارەشەکرانە کە (١٩)، بە ڕێژەی (40.42 %)، لە پاشان بنکەی تەندروستی ناحیەکانی (هەنجیرۆک(سەنتەر) ،ڕزگاری ، دارەشەکران) دێت یەک لە دوای یەک بە ڕێژەی( 29.78 – 17.02 – 12.76%)، وەک ئاماژەمان پێکرد بێپلانییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی کارمەندانی تەندرستی لە بنکەکانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزایەکە. ئەمەش بەندە بە کۆمەڵێك هۆکاری لەوانە دووری ونزیکی لە سەنتەری هەولێر و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەمە جگە لە نەبوون یاخوود جیبەجێنەکردنی پێوەرەکانی پلاندانانی شارستانیەتی تایبەت پێیان.

خشتەی (3) دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی پزیشك و پەرستیار و خاوەن پیشەی تەندروستی لەناوچەی لێکۆلینەوە 2019

| یەکە کارگێرییەکان | ژ . پزیشك | ڕێژە % | ژ . پەرستار | ڕێژە % | ژ . خاوەن پیشە تەندروستیەکان | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **هەنجیرۆک/ سەنتەر** | 11 | 47.82 | 16 | 26.22 | 14 | 29.78 |
| **دارەشەکران** | 3 | 13.03 | 24 | 39.34 | 19 | 40.42 |
| **کەورگۆسك** | 4 | 17.39 | 9 | 14.75 | 6 | 12.76 |
| **رزگاری** | 5 | 21.73 | 12 | 19.67 | 8 | 17.02 |
| **گشتی** | 23 | 100 | 61 | 100 | 47 | 100 |

کاری توێژیر: پشت بەستن بە

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە (2019)

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی خەبات بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە (2019)

3--حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، ئامار، داتای بڵاونەکراوە (2019)

**٣-٢-١ دابەش بوونی ژمارەیی و ڕێژەیی دەرمانخانە و تاقیگەکان:-**

دەرمانخانەکان وتاقیگەکان دوو خزمەتگوزاری تەندروستی پێویستن خزمەت پێشکەش بە دانیشتوان دەکەن ، لە ناوچەی توێژینەوە بێپلانیەکی ڕوون بەدی دەکرێت لە ژمارەو دابەشبوونی ئەم دوو خزمەتگوزارییە تەندروستییە لە قەزاکە. خشتەی (٤) ئاماژە بە دابەشبوونی دەرمانخانەکان و تاقیگە پزیشکییەکانی ناوچەکە دەکات، دەرمانخانەکان وەک خزمەتگوزارییەکی تەندروستی شوێنی دابین کردنی داودەرمان بۆ نەخۆشانی قەزاکە. ناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها(5) پێنج دەرمانخانەی گشتی لە خۆ دەگرێت، و(٤)چوار دەرمانخانە بەسەر هەریەک لە ناحیەکانی سەنتەر وڕزگاری بە یەکسانی دابەش بووینە، ئەوەی تریان لە ناحیەی کەورگۆسکە، و ناحیەی دارەشکران هیچ دەرمانخایەکی تێدا نیيە، ئەم شیوە دابەشبوونە بێپلانی لایەنی پەیوەندار دەخاتە ڕوو.

سەبارەت بە تاقیگەکان لە ناوچەی توێژینەوە (9) تاقیگەیە کە ئەرك و کاریان بریتیە لە شیکردنەوە و دەست نیشان کردن و دیاریکردنی نەخۆشیەکان و جۆرەکەیتی. خشتەی(٤) ئاماژە بە شێوازی دابەشبوونی تاقیگەکانی قەزاکە دەکات. هەنجیرۆک وەک سەنتەری قەزاکە (٤)چوارتاقیگە لە خۆ دەگرێت بە ڕێژەی( 44.44%) ،و (٤) تاقیگەیان بە سەر هەردوو ناحیەی(کەورگۆسک و ڕزگاری بە یەکسانی دابەش کراون، و یەکێکان لە ناحێەی دارەشەکرانە.

**خشتەی (4) دابەشیوونی ژمارەیی و ڕێژەیی دەرمانخانە وتاقیگەکانە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی 2019.**

| یەکە کارگێرییەکان | دەرمانخانە | ڕێژە% | تاقیگە | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|
| **ناوەندی سەنتەر** | **2** | **40** | **4** | **44.44** |
| **دارەشەکران** | **-** | **-** | **1** | **11.11** |
| **کەورگۆسك** | **1** | **20** | **2** | **22.22** |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕزگاری | 2 | 40 | 2 | 22.22 |
| گشتی | 5 | 100 | 9 | 100 |

کاری توێژەران: پشت بەستن بە:

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە (2019).

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی خەبات بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە (2019).

### 1-2 شیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنی بنکە تەندروستییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

توێژەرانی بواری جوگرافیا گرنگی دەدەن بە کرداری شیکاری شوێنجێیی داتاکان و پراکتیزەکردنیان لە بوارە جیاجیاکان. لە شیکاری شوێنجێیدا هەر دیاردەیەك ڕووبەرێکی شوێنی، وبڵاوبوونەوە ودابەشبوونێکی دیاریکراوی هەیە، ئامانجی ئەم جۆرە شیکارە دۆزینەوەی پەیوندییەکان و پێکەوە بەستنەوەی توخمەکانی دیاردەکەیە بۆ گەیشتن بە بنیاتنانی نموونەیەکی شوێنی بۆ دیاردە شوێنیەکان. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی جوگرافیا ئەوەیە کەوا بە زۆری پێوەرەکانییەوە ناسراوە دەربارەی دابەشبوونی دیاردەکان، کە دەکرێت زیاتر لە پێوەرێك بەکاربهێنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان و هەریەك لەم پێوەرانە ئاماژەو تایبەتمەندیەکی جوگرافی تایبەت بە خۆی هەیە لەوانە (ناوەندی شوێنیی **Mean center**)، (ئاڕاستەی دابەشبوون **Directional Distribution**) (دووری پێوانەیی **Standard Distance**). تێکرایی نزیکترین هاوسێ : **Average Nearest Neighbor** کە دەکرێت بەکاریان بهێنین بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشت و تایبەت مەندی دابەشبوونی بنکە تەندروستییەکانی قەزای خەبات.

### 1-1-2 ناوەندی شوێنیی **Mean center** .

لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی شوێنیی دیاردەکان، جوگرافیناسانی ناچارکردووە گرنگی بدەن بە دەست نیشان کردنی ناوەندەکانی چەقی دیاردەکان کە گوزارشت لە چەقی قورسایی، یان خاڵی ڕاکێشانی سەرەکی دابەشبوونی یان سەنتەری چڕبوونەوەی دیاردەیەکی جوگرافی دەکات، هەروەها ئەم پێوەرە سوودی لێوە وەردەگیرێت بۆ بەراووردکردنی نێوان دابەشبوونی ڕەگەزەکانی دوو دیاردە یان زیاتر لە شوێنێکی دیاریکراو یاخوود بۆ دیاریکردنی گونجاوترین شوێن بۆ ڕەگەزێك کە پێویستە شوێنێکی ناوەندی هەبێت تێکرایی نزیکترین تایبەتمەندی بنوێنێت (شحاتە،2002،ص 191).


گونجاوترین شوێن بۆ دەست نیشان کردنی تایبەتمەندی دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە قەزای خەبات بەگوێرەی پێوەری ناوەندی شوێنی بۆمان دەردەکەوێت: کەوا ناوەندی شوێنیی خزمەتگەوارییە بنکە تەندروستیەکان لە قەزای خەبات دەکەوێتە شوێنێك تارادەیەك ناوڕاستە لەگەڵ کەمێك لاربوونەوەو بە ئاراستەی باکووری ڕۆژهەڵات نزیك دەبێتەوە لە سەنتەری ناحیەی کەورگۆسك ئەوەش بەهۆی هێزی ڕاکێشانی سەنتەری ناحیەی کەورگۆسك بۆ خزمەتگوزاریی بنکە تەندروستیەکان و دەرکەوتنی وەکو سەنتەرێکی خزمەتگوزاریی، نەخشەی ( 3).

### 2-1-2 ئاڕاستەی دابەشبوون (**Directional Distribution**).

ئاڕاستەی دابەشبوون بە پێوەرێکی گونجاو دادەنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئاڕاستەی پەرتبوونی بنکە تەندروستییەکان لە ڕێگای دەستنیشان کردنی دوورییەکانی هەردوو تەوەری (YX) لە ناوەندی چەقی بنکە تەندروستیەکان واتا میکانیزمی پێوانەکردنی ئاڕاستەی دابەشبوون لەگەڵ میکانیزمی پێوانەکردنی ماوەی پێوانەی هاوشێوەی یەکن لەچوارچێوەی بەرنامەی (**Arc Gis 10.6**)دا تەنها جیاوازیەکەیان لەوەدایە کەوا شێوەیەکی هێلکەیی بەدیار دەکەوێت (العزاوي ، محمود، 2008،ص12)و دەوری خزمەتگوزاری تەندروستیەکان دەدات لە ژێرناوی پێوەری (Standard deviational ellipse) کە فرمانی (Spatial Statistic tool) دا هەیە خشتەی (٥) نەخشەی (٤) تایبەتن بە خزمەتگوزاریی بنکە تەندروستیەکان:

لەدوای جێبەجێ کردنی تەکنیکی ئاڕاستەی دابەشبوون (Directional Distribution)، لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc Gis) لەسەر خزمەتگوزاری بنکە تەندروستیەکانی قەزای خەبات بەو دەرئەنجامە گەیشتین: ئاڕاستەی ڕاستەقینەی بڵاوبوونەوەی بنکە تەندروستیەکانی قەزای خەبات کە شێوەیەکی هێلکەیی وەرگرتووە لە تەرزەکانی دابەشبوونی لە سنووری نێوان باشوور و باکووردا بە لار بوونەوەیەکی کەم بەرەو ڕۆژهەڵات، پلەی سووراوەی (42) پلەیە، هەروەها ئاڕاستەی بڵاوبوونەوەیان هەمان ئاڕاستەی

فراوان بوونی قەزاکە و بلاوبوونەوەی دانیشتوانی وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەش بنکە تەندروستییەکان نەیان توانیوە خزمەتگوزارییەکانیان بەشێوەیەکی ڕاست ودروست پێشکەش بە دانیشتوان بکەن، لە ئەنجامدا کاری کردۆتە سەر توانستی وەزیفی خزمەتگوزاریی بنکە تەندروستیەکان لە ناوچەکە، ئەمەش تا ڕادەیەک بەندە بە کەمی بنکە تەندروستییەکان و نا هاوسەنگی لە دابەشبوونی بنکەکان.




کار

توێژەران پشت بەستن بە: 1- بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان(**Arc Gis.v.10.6**).

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەشی ئامار، 2019.

خشتەی (5) ئاڕاستەی دابەشبوونی بنکە تەندروستیەکان لە قەزای خەبات 2019

| بەهای تەوەرەکانی ئاڕاستەی دابەشبوون | | |
|---|---|---|
| بەهای X (م) | بەهای Y (م) | پلەی سوورانەوە |
| 7654 | 2444 | 42 |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی ئاڕاستەی دابەشبوون لە چوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGis.v.10.6)

**3-1-2 دووری پێوانەیی (Standard Distance).**

دووری پێوانەیی هاوشێوەی لاربوونەوەی پێوانەییە لە ئاماری وەسفیدا، ئامانج لە بەکارهێنانی دەستکەوتنی وەسفێکی وردە بۆ بڵاوبوونەوەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە لە دەوری ناوەندی چەق، دووری پێوانەیی بریتییە لە نیوەتیرەی بازنەیەک کە دەست پێ دەکات لە ناوەندی چەقی دیاردەکان کە ئامانج لە بەکارهێنانی گەیشتنە بە چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی بنکە تەندروستیەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەو دیاریکردنی تەرزەکەیەتی لەنێوان دابەشبوونی سروشتی و گردبوونەوەو پەرشوبڵاویدا، دووری پێوانەیی هەر دابەشبوونێکی بریتییە لە ڕەگی دوجای چوارگۆشەکانی لابوونەوەی خاڵەکان لەناوەندی چەقی ئەو خاڵانە، ئەگەر هاتوو ئەو


بازنەیەی کە یەکسانە بە دووریەکی پێوانەیی(68.27%) توخمەکانی دیاردەکانی لەخۆ گرتبوو ئەوە توخمەکانی ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبووەو جگە لەمە هەر جۆرە دابەشبوونێك دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکی ترەوە. (عبداللة و حسن ، 2008، ص106)، بەجۆرێك دووری پێوانەیی لەپەیوەندییەکی راستەوانە دایە لەگەڵ پەرتبوونی دیاردەکە، هەرچەندە بەهای دووری پێوانەیی گەورەتر بێت لەناوەندی چەقی دیاردەکەوە ئەوەندە توخمەکانی دیاردەکە بڵاوتر دەبن لەیەکتر ناچن، بە پێچەوانەی چڕی توخمەکانی دیاردەکە بەرزتر دەبیەوە لە چواردەوری ناوەندی چەقی دیاردەکان بەکەمبوونەوەی بەهای دووری پێوانەیی.

پاش بەکارهێنان و شیکرنەوەی دووریی پێوانەیی لە تەکنیکی (Standard Distance لە ژێر هەردوو لیستی (Measuring Geographic Distributions)و(Spatial Statistics Tools) ، بەشێوەیەکی یەک بەدوای یەکدا لە بەرنامەی Arc Gis و جێبەجێکردنی لەسەر خزمەتگوزاری بنکە تەندروستییەکانی قەزای خەبات وەک لە خشتەی (6) و نەخشەی ( 4) تێبینی دەکرێت، خزمەتگوزاری بنکە تەندروستییەکان لە دابەشبوونیان بەدەوری ناوەندە شوێنیەکاندا زیاتر مەیلیان بەرەو دابەشبوونێکی نا سروشتی دەچێت، شێوازێکی لێك دووری وەرگرتووە، بەگوێرەی دەرئەنجامی دووری پێوانەیی کەیان، کە جیاوازە لە ڕێژەی سروشتیەوە، بەجۆرێك ڕێژەی ئەو خزمەتگوزاریی بنکە تەندروستییەکان کەوتوونەتە ناو یەك دووری پێوانەییەوە بریتییە لە (52,9%)، هەروەها دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای خەباتدا بەڵگەیەکی تا ڕادەیەک لاوازی پلاندانمان نیشان دەدات.

خشتەی (6) دەرئەنجامی دووری پێوانەیی لە قەزای خەباتدا ساڵی 2019

| گۆراوەکان | دووری پێوانەیی بە مەتر | ڕێژەی سەدی ئەو خزمەتگوزارییەی کەوتۆنەتە ناو بازنەیەکی یەکسان بە یەك دووری پێوانەیی % |
|---|---|---|
| قەزای خەبات | 17977 | 52,9 |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی دووری پێوانەیی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc Gis.v.10.6).




کاری توێژەران پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەشی ئامار، 2019.


### ٢-١-٤ هاوکۆلکەیی نزیکترین دراوسێیەتی: Average Nearest Neighbor

شیکردنەوەی نزیك دراوسێیەتی بە یەکێك لە شێوازە ئامارییە باوەکان هەژمار دەکرێت کە جوگرافیناسان پشتی پێدەبەستن بۆ دیاریکردنی شێوازی دابەشبوونی دیاردە خاڵیەکان لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا، چونکە ئەنجامی وورد دەدات بە دەستەوە لە لایەنی دەرخستنی بۆ پەیوەندی شوێنیی نێوان توخمەکانی دیاردەکە ، لە هەمان کاتدا مەودای بڵاوبوونەوەی یان گردبوونەوەیان دەردەخات جگە لە دەرخستنی بۆ ئاستی بڕوایی نموونە ئامارییە بەرهەم هاتووەکە.

نرخی ئەم پێوەرە لە نێوان (0) بۆ (2.149)ە. بەجۆرێك نرخی (سفر) شێوازی کۆکراوەیی ئەنوێنی و(0.1 – 0.5)  لەیەك نزیکی نارێك، و(0.6 – 0.9)  لەیەك نزیکی بەرەو هەڕەمەکی، و یەکی تەواو شێوازێکی هەڕەمەکی دەنوێنێ. وە (1.1 – 1.9) شێوازێکی لە یەك دوور، هەروەها (2.0 – 2.149) شێوازێکی ڕێك و پێك دەنوێنێ (السماك و العزاوي ،2011،ص 213).

بە جێبەجێ کردنی هاوکۆڵکەی نزیکی دراوسێیەتی لە سەر داتاکانی بنکە تەندروستییەکانی قەزای خەبات وەک لە خشتە (7) ، و شێوەی ( 1 ) دا خراوەتە ڕوو نرخی پلەی پێوەری (Z-Score)، (٢) بوو، کە ئەم نرخەش دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ناچاری (2.58) Critical Value تا 2.58 کە ئەنجامی پەیوەندی دراوسێی نزیکی سەنتەری تەندروستی قەزای خەباتە، واتە کەوتۆتە ناوچەی پەسەند نەکراو، لەبەر ئەوە گریمانەی بنەڕەتی ڕەتدەکەینەوە کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی بنکە تەندروستیەکان شێوازێکی هەڕەمەکییەو دەرئەنجامی هۆکاری ڕێکەوت بووە،

شێوەی (1) دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی بنکە تەندروستیەکان لە قەزای خەبات ساڵی2019.




سەرچاوە: بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٧)

بۆیە گریمانەی جێگرەوە قبوڵ دەکەین کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی بنکە تەندروستیەکان شێوازێکی تایبەت و ڕێکخراوە لە ژێر کاریگەری هۆکاری دیاریکراو دایە و دوورە لە شێوازی هەرەمەکی وە ئاستی باوەرپێکردن گریمانەکە (0.01) بە واتای( 1 % )ئەگەری هەڵە بۆ قبوڵ نەکردنی راستی گریمانەکە هەیە هەروەها نرخی بەهای شیکردنەوەی پەیوەندی هاوسێیەتی گەیشتۆتە(1.25) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا شێوازی دابەشبوونەکەیان شێوازێکی لەیەك دوورە، هۆکارەکەشی بەندە بە وەی کە بەشێك لەم بنکە تەندروستیانە پێویستیان بە پسپۆرییە جیاوازەکانی یەکتری هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان لەلایەك ولەلایەکی تر کاریگەری دەبێت لەسەر دابەزینی ئاستی کارایی وەزیفی ئەم بنکە تەندروستییانە لە جێبەجێکردنی پێشکەشکردنی ئەرکەکانیان.

خشتەی (7)

دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی بنکە تەندروستیەکان لە قەزای خەبات ساڵی2019.

| بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی | بەهای پێوەری Z_ score | ئاستی باوەر پێکراو Signification level | بار | شێوەی دابەشبوونی دامەزراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1.25 | 2.0 | 0.01 | پەسەند نەکراو | لەیەك دوور |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی پەیوەندی هاوسێیەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (**ArcGis.v.10.6**).

**1-3 هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی لەناوچەی لێكۆڵینەوە:**

بە مەبەستی دیاریکردنی توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی چەندین پێوەری جۆراوجۆر هەن کە پشتی پێدەبەسترێت بۆ هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە هەر ناوچەیەک، ویەکە کارگێڕییەکانی قەزای خەباتیش وەک ناوچەی لێکۆڵینەوە تیشکی خستۆتە سەر هەردوو پێوەری وەزیفی و ڕووبەری بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی تیایدا.

جێگای ئاماژەیە هەڵسەنگاندنی ئەم خزمەتگوزارییانە دەبێتە مایەی بەرچاو روونی بۆ بەرپرسان و پلاندانەران ئایا خزمەتگوزارییەكان لەچ ئاستێكدایە. بەجۆرێك بنەمایەكی سەرەكییە لەكاتی پلاندانانداندا بە مەبەستی دەرخستنی توانستی خزمەتگوزارییەكان كە پێشكەشی دانیشتوان دەكرێت لە قەزای خەباتدا، لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر ئەم پێوەرانە:-

**1-1-3 پێوەری وەزیفی:**

توێژینەوە زانستییەکان بە مەبەستی پێوانەکردنی توانستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێوەری جیاواز بەکاردەهێنن، و ئێمەش لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەمان پێوەری وەزیفیمان پەیڕەو کردووە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توانستی ئەم خزمەتگوزارییە.

**1- پێوەری تێكڕای پزیشک بۆ دانیشتوان :**

یەكێكە لە پێوەرەكانی پێوانەكردنی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەكان كە دەكرێت بەكاری بهێنین وەكو پێوەرێكی زانستی بۆ دیاری كردنی پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوانی یەكە كارگێڕییەكانی قەزاكە.

ئەم خزمەتگوزارییە بەپێی پێوەری عێڕاقی (١) پزیشك بۆ هەر (١٠٠٠) كەس لە دانیشتوان دیاری كراوە (العجیلي، 1989، 117 ). لە كاتی بەراووركردنی تێكڕایی ژمارەی دانیشتوانی قەزای خەبات بۆ هەر پزیشكێك. بەگوێرەی پێوەری عێراقی، لە خشتە (8) دەخەینە ڕوو.

**خشتەی (8)**

**تێكرایی ژمارەی دانیشتوان بەرامبەر بە پزیشك لەناوچەی لێكۆڵینەوە بۆ ساڵی2019.**

| یەكە كارگێڕییەكان | دانیشتوان /كەس | ژمارەی پزیشك | تێكرایی دانیشتوان/ پزیشك | زیاتر لە ستاندەری عێراقی | پزیشكی پێویست | كەمی پزیشك (النقص) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **هە نجیرۆک/ سەنتەر** | 42332 | 11 | 3848 | 2848 | 42 | 31 |
| **دارەشەكران** | 14382 | 3 | 4794 | 3794 | 14 | 11 |
| **كەورگۆسك** | 20722 | 4 | 5180 | 4180 | 21 | 17 |
| **رزگاری** | 47645 | 5 | 9529 | 8529 | 48 | 43 |
| گشتی | 125081 | 23 | 5438 | 4438 | 125 | 102 |

كاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3).

لە خشتەی ژمارە (٨) بۆمان دەردەكەوێت:-

١- بنكە تەندروستییەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە هەژارە لە ڕووی ژمارەی پزیشكی پێویست بەمەبەستی پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری گونجاو و شایستە بە دانیشتوانی قەزاكە، كەواتە بنكە تەندروستییەكان پێویستیان بە (١٠٢) پزیشكی تر هەیە بە پێی پێوەری عێڕاقی، و لە پسپۆڕی جیاواز.

٢- گشت بنكە تەندروستییەكانی یەكە كارگێڕییەكان پێویستییان بە ژمارەیەكی زیاتری پزیشك هەیە، زیاترینیان بنكەی ڕزگارییە (٤٣) پزیشك، و كەمترینیان بنكەی دارەشەكرانە(١١) پزیشك، لە پاشان هەنجیرۆك(سەنتەر) (٣١) و كەورگۆسك (١٧) پزیشك.

٣- ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر پزیشكێك بەرزە لە ناوچەكە، بەرزترینیان لە بنكەی ڕزگارییە كە (٩٥٢٩) كەسە بۆ هەر پزیشكێك، و كەمترینیان بنكەی تەندروستی هەنجیرۆكەكە بۆ هەر پزیشكێك (٣٨٤٨)كەسە.

٤- تێکڕای هەر پزیشکێك بۆدانیشتوان لە قەزاكە بەرزە ، بۆ هەر پزیشکێک دەگاتە (٥٤٣٨) كەس، كەواتە لە پێنج ئەوەندەی ستاندەری عێراقی زیاترە ،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم خزمەتگوزارییە زۆر لاوازە لە ناوچەکە، ورەنگدانەوەی بێپلانی لایەنی پەیوەندار دەنوێنێ. کەواتە دەتوانین بڵێین ناوچەکە پێویستی بە پەرەپێدانی تەندروستی هەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**2- پێوەری ژمارەی پەرستار بۆ پزیشك:**

پەرستیارەکان چینێکی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستیین و ئامادەکاری دەکەن بۆ پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ نەخۆش لە بەر ئەوە بە هۆکارێکی گرنگ و بنەڕەتی دادەنرێت لە خزمەتگوزاریی تەندروستی، بەگوێرەی پێوەری جیهانی (3) پەرستیار بەرامبەر(١) پزیشکە، بەگوێرەی پێوەری عێراقی (4) پەرستیار بۆ هەر پزیشکێکە، (صفر،2015، 459) خشتەی (9).

بە پێی پێوەری عێراقی یەکە کارگێرییەکانی قەزاکە پێویستی بە (٤٣) پەرستیاری تر هەیە بە پێی ژمارەی پزیشکەکانی قەزاکە، بەڵام پێویستە ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردووە کە بنکە تەندروستییەکانی قەزاکە پێویستی بە (١٠٢) دکتۆری تر هەیە بە پێی ژمارەی دانیشتوان کەواتە بەم پێیە بنکەکان پێویستییان بە (٤٣٩) پەرستیار هەیە بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بە شێوەیەکی گونجاو پێشکەش بە دانیشتوان بکرێت.

خشتەی (9)

تێکرایی ژمارەی پەرستیار بەرامبەر بەپزیشك لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی 2019

| یەکە کارگێرییەکان | ژمارەی پزیشك | ژمارەی پەرستیار | پەرستیار/دکتۆر | ژمارەی پەرستیاری پێویست | کەمی (النقص) |
|---|---|---|---|---|---|
| هەنجیرۆک/ سەنتەر | 11 | 16 | 1.4 | 44 | 28 |
| دارەشەکران | 3 | 24 | 8 | 12 | - |
| کەورگۆسك | 4 | 9 | 2.2 | 16 | 7 |
| رزگاری | 5 | 12 | 2.4 | 20 | 8 |
| گشتی | 23 | 61 | 2.6 | 92 | 43 |

کاری توێژەران: پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3).

لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە:-

١- کەم وکوڕییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی پەرستیارەکان بە سەر بنکە تەندروستیەکانی قەزاکە، ئەمەش وایکردووە کە بنکەکان نە توانن ئەم خزمەتگوزارییە بە شێوەیەکی گونجاو پێشکەش بە دانیشتوانی ناوچەکە بکەن .

٢- تەنها بنکەکانی دارەشەکران ژمارەی پەرستیار تیایدا زیادە بە پێی پێوەری عێراقی بەرامبەر بە ژمارەی دکتۆر. بەڵام لە بنەڕەتدا بنکەی ناوبراویش کەمی لە ژمارەی دکتۆردا هەیە.

٣- گشت بنکە تەندروستییەکان قەزاکە ژمارەی پەرستیاریان کەمە بەراوورد بە تێکڕای ژمارەی پەرستیاران بۆ هەردکتۆرێک کە تێکڕاکەی ( 2.6)، تەنها ناحیەی دارەشەکران نەبێت.

٤- بنکە تەندروستییەکانی ناوچەکە بە پێی ژمارەی دکتۆرەکانی پێویستییان بە پەرستیار هەیە، و بنکەی سەنتەر پێویستی بە (٢٨) پەرستیار هەیە، لە پاشان بنکەکانی ڕزگاری وکەورگۆسک یەک لە دوای یەک بە(٨- ٧ ) پەرستیار.

**3- پێوەری خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ پزیشك:**

خاوەن پیشە تەندروستییەکان بەشیکی گرنگی کەرتی تەندروستین و ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دانیشتوان. جێگای ئاماژەیە پێوەرە نێوخۆییەکان هەر (٣) سێ خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ هەر پزیشکێک داناوە(سلمان، 2007،ص 273)،. بە پراکتیزە کردنی ئەم پێوەرە لەسەر بنکە تەندروستییەکان قەزای خەبات بەم شێوەیەیە کە لە خشتەی(١٠) دەردەکەوێت.

خشتەی (١٠) تێکرایی ژمارەی خاوەن پیشەی تەندروستی بەرامبەر بە پزیشك لەناوچەی لێکۆڵینەوە 2019

| یەکە کارگێرییەکان | ژمارەی پزیشك | خاوەن پیشەی تەندروستی | تێکرا لەسەر ئاستی ناحیە | خاوەن پیشەی پێویست/ پزیشک | کەمی (النقص) |
|---|---|---|---|---|---|
| هەنجیرۆک/ سەنتەر | 11 | 14 | 1.3 | 33 | 19 |
| دارەشەکران | 3 | 19 | 6.3 | 9 | - |
| کەورگۆسك | 4 | 6 | 1.5 | 12 | 6 |
| رزگاری | 5 | 8 | 1.6 | 15 | 7 |
| گشتی | 23 | 47 | 2 | 69 | 32 |

کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٣).

بەسەرنج دان لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە:-

١- تێکڕای گشتی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە سەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە بە پێی ژمارەی دکتۆرەکان وبەپێی پێوەری کار پێکراو لە عێراق تەنها (٢) خاوەن پیشەی تەندروستییە بۆ هەر پزیشکێک، ئەمەش کەمترە لە پێوەری دیاری کراو.

٢- نا هاوسەنگییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە بنکە تەندروستییەکانی قەزاکە، بە پێی پێوەرە نێوخۆییەکان بنکەی ناحیەکانی (هەنجیرۆک ، کەورگۆسک ، ڕزگاری) پێویستیان بە خاوەن پیشە تەندروستییەکان هەیە ، بەڵام بنکەکانی ناحیەی دارەشەکران زیاتر لە پێداویستی خۆیان هەیە.

٣-بنکەکانی ناوچەکە پێویستیان بە (٣٢) خاوەن پیشەی تەندروستی تر هەیە بە پێی ژمارەی دکتۆر لە بنکەکان، بەڵام بە پێی پێوەرە نێوخۆییەکان بنکەکان پێویستیان بە (٢٢) خاوەن پیشەی تەندروستی هەیە ،چونکە لە بنکەکانی دارەشەکران (١٠) خاوەن پیشەی تەندروستی زیاد هەیە. پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێت ناحیەی دارەشەکران (٨) بنکەی تەندروستی تێدایە.

لەوەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە بەگوێرەی پێوەری بەکارهاتوو ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی ناحیەو قەزادا نارێکیەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، کە ئەمەش ڕەنگدانەو کاریگەر لەسەر توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی دروست دەکات ، کە نەتوانن بەشێوەیەکی باش و ڕێکوپێك چاودێری نەخۆشەکان بکەن. ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە زیادکردنی فەرمانبەری خاوەن پیشەی تەندروستی هەیە لە دامودەزگا تەندروستییەکاندا.

**4-پێوەری دەرمانخانە بۆ دانیشتوان:**

دەرمانخانەکان بەشێکی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستین لە ڕێگەیەوە داودەرمانی پێویست بۆ نەخۆش دابین دەکرێت. بە پێی پێوەرە نێوخۆییەکان هەر دەرمانخانەیەک بۆ (٢٠٠٠٠) ((الکبیسی،2009، ص79).)کەس لە دانیشتوان دیاری کراوە. جێگای ئاماژەیە ناوچەی لیکۆڵینەوە (٥) پێنج دەرمانخانە لە خۆ دەگرێت، بەڵام بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ دابەشبووینە بەسەر بنکە تەندروستییەکانی ناحیەکانی قەزاکە ،خشتەی (١١).

خشتەی (١١) تێکرایی دەرمانحانەکان بۆ دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی 2019.

| یەکە کارگێرییەکان | ژ.دانیشتوان | ژمارەی دەرمانخانەکان | کەس / دەرمانخانە | دەرمانخانەی پێویست |
|---|---|---|---|---|
| هەنجیرۆک/ سەنتەر | 42332 | 2 | 21166 | 2 |
| دارەشەکران | 14382 | - | - | 1 |
| کەورگۆسك | 20722 | 1 | 20722 | 1 |
| رزگاری | 47645 | 2 | 23822 | 2 |
| | 125081 | 5 | 25016 | 6 |

کاری توێژەران : بە پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3).

لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت کە:-

١- ناهاوسەنگییەکی ئاشکرا هەیە لە دابەشبوونی دەرمانخانەکان لە ناحیەکانی قەزاکە، بە شێوەیەک لە ناحیەی دارەشەکران (٨) بنکە لە خۆ دەگرێت وهیچ دەرمانخانەیەکی تێدا نییە.

٢- ژمارەی دەرمانخانەکان بە پێی ژمارەی دانیشتوان نین بۆ ئەوەی ئەم خزمەتگوزارییە بە شێوەیەکی گونجاو پێشکەش بکرێن ، ناوچەکە (٥) دەرمانخانەی تێدایە ، بەڵام ناوچەکە پێویستی بە لایەنی کەم بە (٦) دەرمانخانە هەیە.

٣- هەر دەرمانخانەیەک بە تێکرا خزمەتی (٢٥٠١٦) کەس لە قەزاکە دەکات، ئەمەش بەرزترە لە پێوەرە نێوخۆییەکان، کەواتە ناوچەکە پیویستی بە دەرمانخانەی زیاتر هەیە.

جێگای ئاماژەیە قەزاکە بە پێی پێوەرە نێوخۆییەکان و نێودەولییەکان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان پێویستی بە چەند نەخۆشخانەیەکی ناوەندی هەیە بە تایبەتی لە یەکەکانی (هەنجیرۆک ، کەورگۆسک ، ڕزگاری)، چونکە ژمارەی دانیشتوانیان زیاترە لە (٢٠٠٠٠)کەس، پێوەرە ناوبراوەکان ئاماژە بەوە دەکەن بۆ هەر (٢٠٠٠٠)کەس لە دانیشتوان پێویستە نەخۆشخانەیەکی ناوەندی هەبێت بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری پێویست و شیاو پێشکەش بە دانیشتوان بکرێت. لە هامان کاتدا  بنکە تەندروستییەکانی قەزاکە ژمارەیان ناگونجێت لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان و پزیشک و کارمەندە تەندروستییەکانیش ژمارەیان زۆر کەمترە لە پێویست، لە بەر ئەوە ئەم خزمەتگوزارییە بە شیوەی  گونجاو پێشکەش بە دانیشتوانی ناوچەکان ناکرێت، پێویستە لەلایەن پلاندانەران و بڕیار بەدەستان حسابی بۆ بکرێت و پێداویستییەکان دابین بکرێت.

**٣-١-٢ پێوەری ڕووبەر:**

ڕووبەری بنکە تەندروستییەکان یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی پێوانەکردنی توانستی فەرمانگە تەندروستییەکان ودابینکردنی حەواناوە و هێورکردنەوەی لایەنی دەروونی نەخۆش وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری وچارەسەر، لەهەمان کاتدا پێوەری ڕووبەر ڕۆڵی گرنگ دەگێرێت لە دانانی ئامێرو تاقیگە وکەلوپەلی پێشکەوتووی تەندروستی ئەمەش ڕەنگدانەوەی تەواوی دەبێت لە سەر پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دانیشتوان بە تایبەتی نەخۆش، و هەروەها دەبێتە هۆکاری دابین کردنی ژینگەیەکی کراوەو دڵگیر.

ناوچەی لێکۆڵینەوە (١٧) بنکەی تەندروستی لە خۆ دەگرێت، ڕووبەرەکەیان دەگاتە (١٢٥٥٠م٢)، خشتەی (١٢)، جێگای ئاماژەیە پێوەرە نێوخۆییەکان رووبەری بنکەیەکی تەندروستی بە (٥٠٠٠م٢) دیاری کردووە.

خشتەی (١٢ ) تێکڕایی رووبەری بنکەی تەندروستی/م٢ لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی 2019

| یەکە کارگێرییەکان | ژمارەی بنکەی تەندروستی | رووبەری بنکە /م2 | تێکرای ڕووبەر/م٢ |
|---|---|---|---|
| هەنجیرۆک/سەنتەر | 3 | 2750 | 916 |
| دارەشەکران | 8 | 4900 | 612 |
| کەورگۆسك | 2 | 1500 | 750 |
| رزگاری | 4 | 3400 | 850 |
| گشتی | 17 | 12550 | 738 |

کاری توێژەران: پشت بەستن بە

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی،بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر،بەشی ئامار،داتای بڵانەکراوە، 2019.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی تەندروستی خەبات،بەشی ئامار،داتای بڵاونەکراوە ،2019.

لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت:

١- ڕووبەری گشت بنکە تەندروستییەکان زۆر کەمترە لە ڕووبەری دیاری کراو بە پێی پێوەرە نێوخۆییەکان کە (٥٠٠٠م٢)یە، بۆ هەر بنکەیەک.

٢- فراوانترین تێکڕای ڕووبەر لە بنکەکانی هەنجیرۆک(سەنتەر)ە کە تێکڕاییەکەی دەگاتە (٩١٦م٢) هەر چەندە ئەم ڕووبەرەش لە پێوەرەکان کەمترە، کەمترین تیکڕای ڕووبەریش لە بنکەکانی دارە شەکرانە کە (٦١٢م٢)یە، ئەمەش بەندە بە زۆری بنکەکان لە دارە شکران کە (٨) بنکەیە.

٣- تێکڕای ڕووبەری بنکەکان (٧٣٨م٢)یە، ڕووبەری بنکەکانی هەنجیرۆک(٩١٦م٢)، ڕزگاری(٨٥٠م٢) ، کەورگۆسک(٧٥٠م٢) زیاترە لە تێکڕای ڕووبەری بنکەکانی قەزاکە، تەنها بنکەکانی دارەشکران نەبێت کە (٦١٢م٢)یە.

کەواتە بنکە تەندروستییەکانی قەزاکە بە پێی ڕووبەری تەرخان کراو ناتوانن خزمەتگوزاری گونجاو وپێویست پێشکەش بە نەخۆشانی ناوچەکە بکەن، چونکە ڕووبەرەکانیان زۆر کەمترە لە ڕووبەری دیاری کراو.

**٢-٣ پێداویستی هەنووکەیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای خەبات:**

لە بابەتەکانی سەرەوە بە مەبەستی دیاریکردنی توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی چەندین پێوەری جۆراوجۆرمان بەکار هێنا بۆ هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای خەبات وەک ناوچەی لێکۆڵینەوە تیشکمان خستە سەر هەردوو پێوەری وەزیفی و ڕووبەری بە پێی پێوەرە نێوخۆییەکان ونێودەولییەکان مەبەستی هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی تیایدا. بە مەنەستی بەرچاو ڕوونی بۆ بەرپرسان و پلاندانەران لە توانستی خزمەتگوزارییەکان دیاریکردنی ئاستی ئەم خزمەتگوزارییانە، چۆنیەتی پێشکەکردنی بە  دانیشتوانی ناوچەکە.

جێگای ئاماژەیە بە پێی پێوەرە نێوخۆییەکان و نێودەولییەکان کەم وکورتییەکی دیار و بەرچاو هەبوولە سەرتاسەری بنکەکانی ناوچەکە، ئەمەش ئاماژەیەکی تەواوی لاوازی یاخود نەبوونی پلانی تۆکمە ئەم کەرتە گرنگە خزمەتگوزاریەی خستە ڕوو. چ لە ڕووی دابەشبوون یا لە ڕووی خراپی پێشکەشکردنی ، ئەمەش تا ڕاددەیەکی زۆر بەند بوو بە کەمی بنکە و پزیشک وکارمەندانی تری تەندروستی، جا بەمەبەستی پێشکەشکردنی باشترین وگونجاوترین و پێشکەوتوو ترین ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە لە خشتەی (١٣) پێداویستییەکانمان خستۆتە ڕوو.

خشتەی (١٣)  پێداویستییە هەنوکەییەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی لە قەزای خەبات،٢٠١٩.

| یەکە کارگێڕییەکان | ژمارەی دانیشتوان | بنکە | | ژ. دکتۆر | | ژ. پەرستیار | | ژ. خاوەن پیشە تەندروستییەکان | | درمانخانە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | * | ** | * | ** | * | ** | * | ** | * | ** |
| هەنجیرۆک | ٤٢٣٣٢ | ٣ | ٨ | ١١ | ٤٢ | ١٦ | ١٦٨ | ١٤ | ١٢٦ | ٢ | ٢ |
| دارەشەکران | ١٤٣٨٢ | ٨ | ٣ | ٣ | ١٤ | ٢٤ | ٥٦ | ١٩ | ٤٢ | - | ١ |
| کەورگۆسک | ٢٠٧٢٢ | ٢ | ٤ | ٤ | ٢١ | ٩ | ٨٤ | ٦ | ٦٣ | ١ | ١ |
| ڕزگاری | ٤٧٦٤٥ | ٤ | ١٠ | ٥ | ٤٨ | ١٢ | ١٩٢ | ٨ | ١٤٤ | ٢ | ٢ |
| | ١٢٥٠٨١ | ١٧ | ٢٥ | ٢٣ | ١٢٥ | ٦١ | ٥٠٠ | ٤٧ | ٣٧٥ | ٥ | ٦ |

سەرچاوە : خشتەکانی (٣- ٨-٩-١٠-١١).

*= ئێستا هەیە.

**= پێویستی هەنووکەیی.

بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە (١٣) بۆمان دەردەکەوێت کە:-

١- بە پێی ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە کەم وکورتییەکی بەرچاو هەیە لە فەرمانگاکانی تەندروستی، چ لە ڕووی بینایە و کارمەندانەوە.

٢- نەبوونی نەخۆشخانە لە ناوچەکە یەکێکە لە دیارترین خزمەتگوزارییەکانی قەزاکە، بە پێی پێوەری دانیشتوان بۆنەخۆشخانە ناوچەکە پێویستی بە لایەنی کەم (٢) دوو نەخۆشخانەی ناوەند هەیە.

3- بە پشت بەستن بە ژمارەی دانیشتوانی ئێستای قەزاکە وپێوەرە نێوخۆیی و نێوەدولییەکان و بە مەبەستی پێشکەش کردنی باشترین وگونجاوترین خزمەتگوزاری تەندروستی ، یەکە کارگێرییەکان پێویستیان بە (٨) بنکەی تەندروستی و (١٠٢) دکتۆری پسپۆڕ جیاوازو (439) پەرستیار و(٣٢٨) خاوەن پیشەی تەندروستی و(١) دەرمانخانەی تر هەیە.

٤- لە گشت یەکە کارگێرییەکانی قەزاکە ناهاوسەنگی و بێپلانییەکی ڕوون هەیە لە دابەشبوونی دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لە سەرتاسەری قەزاکە.

**دەرئەنجام:**

1- پێشکەشکردنی گونجاوترین خزمەتگوزاری تەندروستی یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکانی پەرەپێدان، ئەویش بەندە بە پێکهاتەی خزمەتگوزارییەکە، وناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی خزمەتگوزاری تەندروستی پێک دێت لە( 17) بنکەی تەندروستی و(23) پزیشکی گشتی و پسپۆری تایبەتی و(61) پەرستیار و (47) خاوەن پیشەی تەندروستی ،کە بەسەر تەوای بنکە تەندروستیەکاندا دابەشبوونە، وهەروەها (5) دەرمانخانە و( 9) تاقیگە لە خۆ دەگرێت. جێگای ئاماژەیە ئەم پێکهاتەیە توانای پێشکەش کردنی شیاوترین خزمەتگوزاری نییە بۆ دانیشتوانی قەزاکە ، بۆ ئەم مەبەستەش قەزاکە پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی ناوەند و (٨) بنکەی لاوەکی و(١٠٢) دکتۆر و(٣١) پەرستیار و(٣٢) خاوەن پیشەی تەندروستی و(١) دەرمانخانەی تر هەیە.

2- بەچێبەجێکردنی پێوەرەکانی شیکردنەوەی شوێنجێیەتی لە بەرنامەکانی سستمی زانیارییە جوگرافییەکانArcGIS .v.10,6 دەرکەوت کە ناوەندی شوێنجێیەتی لە قەزاکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی سەنتەری کەورگۆسک، وئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان شێوەی هێلکەیی(٤٢°) یە وناگونجێت لەگەڵ فراوانبوونی دانیشتوانی قەزاکە ئەمەش نەرێنییە، ودووری پێوانەیی ناسروشتییە بە تەرزی لێک نزیک(52,9٪)، ئەمەش بە خاڵی لاوازی پلاندانان هەژماردەکرێت، وهاوکۆڵکەی نزیکی(دراوسێیەتی) لە شیوازی لێکدووره ( باری پەسەندنەکراو- 1.25 )، وبڕی Z score= 2 بوو. ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ناڕێکی لە دابەشبوونی بنکە تەندروستییەکان و پزیشک وکارمەندانی تەندروستی لە قەزاکە.

3- لە لێکۆڵینەوەکە دەرکەوتووە کە لاوازییەکای بەرچاو هەیە لە توانست و ئاستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە بنکەکانی یەکە کارگێرییەکانی قەزاکە لە دەرئەنجامی نا هاوسەنگی لە دابەشبوونی بنکەکان و پزیشک و کارمەندە تەندروستییەکان، بە پێی ژمارەی دانیشتوان، وەک لە خاڵی یەکەم بە ووردی تیشکمان خستە سەر.

4- بە جێبەجێ کردنی پێوەرە نێوخۆ و نێودەولییەکان لە سەر خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزاکەدەرکەوتووە کە بێپلانییەکت ڕوون هەیە لە تێکڕای خزمەتگوزارییەکان بەپێی ئەم پێوەرانە ،بۆ نموونە هەر بنکەیەکی لاوەکی (٧٣٥٨) کەسی لە دانیشتوان بەردەکەوێت لە نڕی (٥٠٠٠) کەس، و هەر پزیشکێک (٥٤٣٨) کەسی بەردەکەوێت لە بڕی (١٠٠٠) کەس، و هەر دکتۆرێک (2.6 )پەرستیار و (٢) لە خاوەن پیشە تەندروستییەکانی بەردەکەوێت لە بڕی (٤ – ٣) پەرستیار وخاوەن پیشە تەندروستییەکان.

5- ژمارەی بنکە تەندروستییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (17) بنکەی تەندروستین و کۆی ڕووبەری تەرخانکراو (12550م2) یە، بەگوێرەی پلاندانانی شارستانی رووبەری دیاریکراو (5000م) بۆ هەر بنکەیەک. بەڵام ڕووبەری تەرخانکراو بۆ هەر بنکەیەکی تەندروستی لە (دارەشەکران و کەورگۆسك و ڕزگاری و هەنجیرۆک/ سەنتەر) یەك لە دوای یەك (612 – 750 – 850 - 916 م2)بووە. هەروەها لەسەر ئاستی قەزاشدا ڕووبەریتەرخانکراو (738م2) بووە .

**ڕاسپاردەکان:**

بە پشت بەستن بە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو:-

١- دروست کردنی نەخۆشخانەیەکی سەردەمیانە بەمەبەستی پێشکەشکردنی شیاوترین خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دانیشتوانی قەزاکە. شایانی باسە ناوچەکە لە لایەک ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لە خۆ دەگرێت و لەلایەکی تر ئەلەقەی بەیەک بەستنەوەی شارەکانی هەولێر و دهۆك و موصلە.

2-دامەزراندنی کارمەندی تەندروستی بەگوێرەی پێویستی بنکەکانی قەزاکە بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کەوا لە کەرتی خزمەتگوزاری تەندروستی بەدی دەکرێت.

3- لەبەرچاو گرتنی ژمارەو و چڕی دانیشتوان و ئاراستەی فراوان بوونی رووبەری قەزاکە لە کاتی بونیاتانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا.

4- دروست کردنی بنکەیەکی داتاو زانیاری وورد و گشتگیر سەبارەت بە بنکەکان و پزیشک و کارمەندانی تەندروستی، سەرەڕای ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتوان بە مەبەستی پێشکەش کردنی گونجاوترین خزمەتگوزاری تەندروستی بە پێی ژمارەی دانیشتوانی یەکە کارگێرییەکانی قەزاکە.


## لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوەی کوردی

- چاپەمەنی و نووسراوە حکومییەکان:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم ،بەشی نەخشەسازی GIS، 2019
2. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە (2019)
3. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی خەبات بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە (2019)
4. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، ئامار، داتای بڵاونەکراوە (2019)

**دووەم: سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

أ- الكتب:

1. ابو عيانة،محمد فنحي، جغرافية السكان، دار النهضة العربية للطباعة والنشر،بيروت، 1986
2. الخير، صفوح ، الجغرافية موضوعها و مناهجها و اهدافها، دار الفكر، دمش، 2000.
3. السماك ، محمد ازهر سعيد و عزاوي ، علي عبد عباس ، البحث الجغرافي بين المنهجية التخصصية و الاساليب الكمية و تقنيات المعلوماتية المعاصرة GIs ،دار اليازوري، عمان، الاردن ، 2011 .
4. شحادة، نعمان، الاساليب الكمية في الجغرافيا باستخدام الحاسبوب، دار الصفاء والتوزيع، عمان، الطبعة الثانية،2002.
5. صفر، زين العابدين علي ، جغرافية المدن، ، ط1، دار الوضاح للنشر، بغداد،2015.
6. صفر، زين العابدين علي ، تخطيط المدن اسس ومفاهيم وتطبيقات، ط1، دار الوضاح للنشر، بغداد، 2015.
7. علي عبد عباس العزاوي و محمد نوح محمود، تحديد الاقليم المدرك لمدينة موصل باستخدام نظم المعلومات الجغرافية GIs، 2008

ب- الرسائل الجامعيه:

1. الكبيسي ، احمد محمد جهاد الدليمي ، كفاءة التوزيع المكاني لمراكز الصحية العامة في مدينة الفوجة باستخدام نظم المعلومات الجغرافية GIS، رسالة ماجستير،(غيرمنشورة)، كليةالاداب، جامعة الانبار، 2009.
2. الجميلى ، رياض كاظم سلمان ، كفاءة التوزيع المكاني للخدمات المجتمعية والتعليمية و الصحية و الترفهية) في مدينة كربلاء، اطروحة دكتوراة، كلية تربية (ابن رشد) جامعة بغداد، بغداد،2007.
3. العجيلي ، محمد صالح ، الخدمات الصحية في مدينة بغداد، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، كلية الاداب، جامعة بغداد، 1989.
4. نشوان شكري عبداللة و مزكين محمد حسن، تحليل الخضائص المكانية و الوظفية لوحدات الورش الصناعية في مدينة دهوك باستخدام ال GIS، مجلة جامعة دهوك، العدد21،كانون الاول 2008.

ج- مطبوعات الحكومية:

1. الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط، هيئة التخطيط الاقليمى، قسم الاسكان والسمتوطنات البشرية، اسس ومعايير مباتى الخدمات العامة، بغداد، 1977.

## التباين المكاني لكفاءة الخدمات الصحية في قضاء خبات

**هاشم ياسين حمدامين**
قسم جغرافيا- كلية الاداب/
جامعة صلاح الدين – اربيل

**هۆشمند جوهر عباس**
قسم العلوم الاجتماعية- كلية التربية اساس/
جامعة صلاح الدين – اربيل

**سەنگەر احمد حسێن**
قسم العلوم الاجتماعية- كلية التربية اساس/
جامعة صلاح الدين – اربيل

**فەرهاد عثمان عمر**
قسم دليل السياحة- المعهد التقني الاداري اربيل/
جامعة التقنية - أربيل

**ملخص**

الخدمات الصحية هي من الأنشطة والخدمات التي تؤثر بشكل مباشر على حياة الإنسان والمستوطنات المختلفة ، ولها دور نشط في جميع مجالات الحياة. إنه مؤشر واضح للتنمية البشرية بشكل عام والتنمية الصحية بشكل خاص. لذلك ، يجب على السلطات المسؤولة والمنظمات الصحية والإنسانية المحلية والدولية العمل بطريقة جديدة لتطويرها. من أجل تقديم أفضل الخدمات الصحية والحصول عليها بسهولة وعلى قدم المساواة لجميع أفراد المجتمع دون تمييز.

الهدف الرئيسي من البحث هو إظهار كيفية توزيع وكفاءة الخدمات الصحية والتحليل المكاني للمراكز الصحية في قضاء خبات ، وفقا لبيانات الخدمات الصحية لعام 2019. الجدير بالذكر أن البحث يشمل ثلاثة محاور ، أولا: التوزيع المكاني للخدمات الصحية ، والثاني: التحليل المكاني للمراكز الصحية في منطقة الدراسة ، والثالث: ناقشنا الكفاءة الوظيفية للخدمات الصحية في القضاء على الإحباطات وتقييم الخدمات من حيث تقديمها لهم بشكل عادل لسكان منطقة الدراسة وفقا للوحدات الإدارية ، ووفقا للمعايير المحلية والدولية.

بهدف تحديد كيفية تمثيل رسم الخرائط للخدمات الصحية وتحليلها ، اعتمد البحث على برنامج نظم المعلومات الجغرافية كعصر تكنولوجي في مجال البحوث الجغرافية والخدمية.

**مفاتيح الكلمات:** الخدمات الصحية - الكفاءة الوظيفية الصحية - التخطيط المكاني- التنمية الصحية.

## The spatial variation of the efficiency of health services in the district of Khabat

**Hashim Yaseen Hamadamin**
Department of Geography – College of Arts / Salahaddin University - Erbil

**Hoshmand Jawhar Abbas** **Sangar Ahmed Hussein**
Department of Social Sciences - College of Basic Education / Salahaddin University - Erbil

**Farhad Othman Omer**
Tourist Guides Departmen Technica Administration Institute/ Polytechnic University - Erbil

**Abstract**

Health services is one of the activities and services that directly affect human life and the various settlements, and it has an active role in all fields of life. It is a clear indicator of human development in general and health development in particular. Therefore, responsible authorities and local and international health and humanitarian organizations must work in a new way to develop them. In order to provide the best health services and obtain them easily and equally for all members of society without discrimination.

The main objective of the research is to show how the distribution and efficiency of health services and spatial analysis of health centers in the district of Khabat, According to the health services data for 2019. It is worth mentioning that the research includes three axes, the first: the spatial distribution of health services, and the second: the spatial analysis of health centers in the study area, and the third: We discussed the functional efficiency of health services in the elimination of disappointments and the evaluation of services in terms of providing them fairly to the residents of the study area according to administrative units, and according to local and international standards.

With the aim of determining how cartography represents health services and analyzes them, the research relied on the geographic information systems program as a technological age in the field of geographic and service research.

**Keyword:** health services- Healthy functional efficiency- Spatial planning- healthy development.